# کاریگەریی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا

**پ.ی.د.کارزان محەمەد ئەحمەد*** **ئەمین ساڵح محەمەد****

وشە کلیلییەکان: میدیای ئەلیکترۆنی، ئاسایشی کۆمەڵگا، هەرێمی کوردستان
https://doi.org/10.31271/jopss.10117

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە (کاریگەریی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا) بەپشتبەستن بەمیتۆدێکی شیکاری، تیشك دەخاتەسەر ئاستی بایەخی سەرجەم بنەما و رەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا، پاشان هەڵسەنگاندنێك بۆ کاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەڕووی (مەعریفی، سۆزداری، رەفتاری) لەسەر ئاسایشی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و لێکەوتەکانی لەخۆگرتووە. لەپێناو هەڵسەنگاندنی ئەم کاریگەرییانە بەشێوەیەکی ئەکادیمی، بۆچوونی کۆمەڵێك چینوتوێژی جۆراوجۆر وەك سامپڵی کۆمەڵگا تاوتوێ کراون، بەتایبەت کاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا (هاوڵاتیان، گروپ و چینوتوێژو دەستەکان) و ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ، دیارترینیان دەستنیشانکردنی جۆری کاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگایە بەهەردوو شێوازی ئەرێنی و نەرێنی لەبوارەکانی: سیاسی، سەربازی، ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵێك راسپاردە لەکۆتایی توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو کە ئاراستەی ئەم لایەنە پەیوەندیدارانە کراوە:(دامەزراوەکانی میدیاو رۆژنامەنووسان، جەماوەر، لایەنە فەرمییەکان،) بەمەبەستی هاندانیان بۆ دروست بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی لەپێناو لەپاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا.

## ملخص

### تأثير الإعلام الإلكتروني على الأمن الاجتماعي في إقليم كوردستان

يعتمد هذا البحث (تأثيرات وسائل الإعلام الإلكترونية على الأمن المجتمعي في إقليم كوردستان) على المنهج التحليلي، ويسلط الضوء على أهمية كافة مبادئ وأبعاد الأمن المجتمعي، ثم يقوم بتقييم

* بەشی تەکنیکی میدیا / زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی karzan981@yahoo.com

** خوێندکاری ماستەر بەشی ڕاگەیاندن/ زانکۆی پۆلیتەکنیکیی سلێمانی aminsalih007@gmail.com

تأثيرات وسائل الإعلام الإلكترونية (المعرفية، والعاطفية، والسلوكية) على أمن سكان إقليم كوردستان وعواقبها. ومن أجل تقييم هذه التأثيرات بطريقة أكاديمية، تم أخذ عينات من آراء فئات مختلفة ومناقشتها، وعلى وجه الخصوص تأثير وسائل الإعلام الإلكترونية على الأمن المجتمعي (المواطنين، والجماعات، والطبقات والهيئات) والأمن الوطني. وتوصلت هذه الدراسة إلى استنتاجات مهمة، أبرزها تحديد أنواع تأثيرات وسائل الإعلام الإلكترونية على الأمن المجتمعي بشقيه الإيجابي والسلبي: السياسي، والعسكري، والاقتصادي، والاجتماعي. وفي نهاية البحث طرحت بعض التوصيات التي وجهت إلى هذه الأطراف ذات الصلة (المؤسسات الإعلامية، والصحفيين، والجمهور، والجهات الرسمية) من أجل تشجيع الاستخدام السليم لوسائل الإعلام الإلكترونية لحماية أمن المجتمع في إقليم كوردستان.

## Abstract

### The Impact of Electronic Media on Social Security in the Kurdistan Region

This research (The effects of electronic media on community security in the Kurdistan Region) based on an analytical methodology, highlights the importance of all the principles and dimensions of community security, and then evaluates the effects of electronic media in terms of (knowledge, emotional, behavior) on the security of the residents of the Kurdistan Region and its consequences. In order to evaluate these effects in an academic way, views of different classes subjects were sampled and discussed, in particular, the influence of electronic media on community security (citizens, groups ،classes and bodies) and national security. This study has reached significant conclusions, most notably the identification of the types of impacts of electronic media on community security in both positive and negative ways: political, military, economic and social life. At the end of the research, some recommendations are postulated which were directed at these relevant parties (media organizations, journalists, the public, and official parties) in order to encourage the proper use of electronic media to protect the security of the community in the Kurdistan Region.

# پێشەکی

هاتنەئارای مۆدیلێکی نوێی پرۆسەی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕ کە میدیای ئەلیکترۆنییە، لەماوەی نزیکەی دوو دەیەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو لەهەرێمی کوردستاندا گەشەیسەند، بەجۆرێك لەدامەزراوە فەرمییەکانەوە تا کەس و لایەنە جۆراوجۆرەکان، هەوڵیان داوە وەك ئامرازێکی نوێی میدیا، پەیامەکانی خۆیان ئاراستە بکەن، ئەمەش بووەمایەی هەڵکشانی ئاستی کاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر کۆی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان.

بواری ئاسایش ئەمڕۆ ئاریشەیەکی گەورەیە لەبەردەم زۆرینەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەت لەدوای سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستییەکان و بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی وەك ئامرازێکی هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکەش، دۆسییەی بایەخدان بەکاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستانیش، بوو بەتەوەرەیەکی گرنگ و چارەنووسساز، پێویستە بەشێوازێکی ئەکادیمی تاوتوێی کاریگەرییەکانی بەهەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی بکرێت، ئەمەش ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەیە.

وێڕای شرۆڤەی چەمك و پێناسی ئاسایش و ئاسایشی کۆمەڵگا لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکەی (باری بوزان) و قوتابخانەی کۆپنهاگ، تیشك خراوەتەسەر بنەماکانی ئاسایشی کۆمەڵگا کە دیارترینیان بریتین لە: (جیۆپۆلەتیکی- ستراتیژی، بنەمای سیاسی، بنەمای ئابوری، بنەمای سەربازی)

پاشان ئاستەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا (وەك: ئاستی تاکەکەس، گروپ و چینوتوێژو دەستەکان، ئاستی گشتی) لەڕوانگەی پسپۆڕانی بوارەکەوە تاوتوێ کراون.

لە بەشێکیتری توێژینەوەکەدا، شێوازەکانی کاریگەریی میدیا لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا بەپشتبەستن بە تیۆری (دیفلەر و بال ڕۆکیچ) لەسەر هەرسێ ڕەهەندی (مەعریفی، سۆزداری وسایکۆلۆژی، ڕەفتاری) بەشێوەیەکی زانستی لەسایەی هەژموونی میدیای ئەلیکترۆنی، شرۆڤەمان کردوون تا بتوانین ئاستی کاریگەری و لێکەوتەکانی بخەینەڕوو.

## بەشی یەكەم: میتۆدنامەی توێژینەوە

### ١- كێشە و پرسیاری توێژینەوە

لە هەرێمی كوردستاندا، گەشەی میدیای ئەلیكترۆنی بەشێوازێكی خێرا بۆ ئاڵوگۆڕی داتاو پەیام، لێكەوتەی هەمەلایەنەی لەسەر ئاسایشی كۆمەڵگا خوڵقاندووە، كێشەی ئەم توێژینەوەیەش هەڵسەنگاندنێكە بۆ ئاستی كاریگەرییەكانی پرۆسەكە، وەڵامەكەی لەم پرسیارە سەرەكییەوە سەرچاوە دەگرێت: ئایا كاریگەرییەكانی میدیای ئەلیكترۆنی لەسەر ئاسایشی كۆمەڵگا لەهەرێمی كوردستان چین و لە چ ئاستێكدایە؟

لەبەررۆشنایی ئەم پرسیارە سەرەكییەدا، كێشەی توێژینەوەكە بەچەند پرسیارێك دەخەینەڕوو:

- ڕەهەندەكانی ئاسایشی كۆمەڵگا لە هەرێمی كوردستان چین كە لەژێركاریگەری میدیای ئەلیكترۆنیدان؟
- لێكەوتە ئەرێنی و نەرێنییەكانی میدیای ئەلیكترۆنی لەسەر ئاسایشی كۆمەڵگا لە هەرێمی كوردستاندا چین؟
- بۆچوونی چینوتوێژەكانی كۆمەڵگا سەبارەت بەكاریگەرییەكانی میدیای ئەلیكترۆنی لەسەر ئاسایشی كۆمەڵگا چییە؟.

### ٢- بایەخی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، بایەخەكەی لەوەدایە تاوتوێی كاریگەرییەكانی میدیای ئەلیكترۆنی لەسەر ئاسایشی كۆمەڵگا لەهەرێمی كوردستاندا دەكات، بۆدەستنیشانكردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەكانی و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ كەموكوڕییەكانیش بەتایبەتی لەم بوارانەدا:

- كۆمەڵگا: ئەم توێژینەوەیە بۆ دانیشتوانی هەرێمی كوردستان ڕبرابەخە، تا هۆشیارییەكی زیاتریان بخرێتەبەردەست بۆ دروست بەكارهێنانی میدیای ئەلیكترۆنی و بەگژداچوونەوەی كاریگەرییە نەرێنییەكانیشی، لەپێناو پاراستنی ژیانی خۆیاندا.
- بواری ئەكادیمی: كەمی ڕێژەی توێژینەوە دەربارەی میدیا و پارێزگاری لە ئاسایشی مرۆڤایەتی، بایەخی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات كە دەبێتە هاندەرێك بۆ لێكۆڵیاران و ناوەندە ئەكادیمییەكان، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر سەبارەت بەو بابەتە هەستیار و هەنوكەییە.
- بواری پیشەیی: بەرچاوڕوونییەكە بۆ میدیاكان و ڕۆژنامەنووسان، تا بەشێوەیەكی ڕاست و دروست ڕووماڵی دۆسییەكانی تایبەت بە ئاسایشی كۆمەڵگای هەرێمی كوردستان بكەن.
- دامەزراوە فەرمییەكان: هۆشداریی بۆ لایەنە فەرمییەكان بۆنموونە داواكاری گشتی و دامودەزگاكانی چەسپاندنی یاسا و ئاسایش، بۆ بەدواداچوونی هەر كاریگەرییەكی نەرێنی میدیای ئەلیكترۆنی.

### ٣- ئامانجەكانی توێژینەوە

دیارترین ئامانجەكانی توێژینەوەكە بریتین لە:

١- هەڵسەنگاندنی كاریگەرییەكانی میدیای ئەلیكترۆنی لەسەر ئاسایشی كۆمەڵگا.

٢- دیاریکردنی لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی میدیا ئەلیکترۆنی لەسەر ڕەهەند و ئاستەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا.
٣- شرۆڤەی بۆچوونی چینوتوێژەکانی کۆمەڵگا لەسەر شێوازی کاریگەرییەکان و چۆنییەتی مامەڵە لەگەڵیاندا.

**٤- میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدێکی جۆری (Qualitative) بۆ شرۆڤەی بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە بەکارهێنراوە، توێژەر بەسەرچاوەی ئەکادیمی و بۆچوونی دروستیش، هەڵسەنگاندنی بۆ بابەت و ڕەهەند و لێکەوتەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا کردووە.
لەبەشی پراکتیکدا، توێژەر بەپشتبەستن بەراپرسییەکی زانستی لەناو کۆمەڵگادا، دیدو تێڕوانینی جۆراوجۆری وەك سامپڵ وەرگرتووە، فۆرمی بەهەردوو شێوازی ئەلیکترۆنی و چاپکراو بەسەر کەسانی شارەزا و ئەکادیمی لەناو چینوتوێژەکاندا دابەش کردووە، تیایدا وەڵامی (528) فۆرمی وەرگرتۆتەوەو شیکاریی زانستی بۆ ئەنجام داوە.

**٥- ئاستەنگەکانی توێژینەوە**

هەموو توێژینەوەیەك بەپێی سروشتی بابەتەکەی، کۆمەڵێك ئاستەنگی لەڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە دێتەبەردەم. دیارترین ئاستەنگەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە:
- کەمی سەرچاوە بەهۆی تازەیی بابەتەکەوە.
- نەبوون یاخود دەگمەنی (توێژینەوەی پێشوو) تا توێژەر سود لە بۆچوون و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی وەربگرێت.

**٦- چەمك و زاراوە سەرەکییەکان**

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك چەمکی سەرەکی بەکارهاتووە:
میدیای ئەلیکترۆنی: سەرجەم ئەو ئامرازانەی پەیوەندی و بڵاوکردنەوەیە کە لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، پەیامەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن.
ئاسایشی کۆمەڵگا: دابینکردنی ئارامییەکی هەمەلایەنەیە بۆ مرۆڤ لە شوێنی ژیانیدا، لەڕێگەی دابینکردنی خۆشگوزەرانی و بژێوی و پاراستنی لە ئەگەری هەر جۆرە مەترسییەك.
هەرێمی کوردستان: پێکهاتووە لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) کە بەپێی دەستوری عێراقیش خاوەنی سنورێکی دیاریکراو و پارلەمان و سیستەمی فەرمانڕەوایی خۆیەتی.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری

### باسی یەکەم: چەمکی میدیای ئەلیکترۆنی

### یەکەم: ناساندنی چەمکی میدیای ئەلیکترۆنی، مێژووی گەشەسەندنی

بواری میدیا بەهەموو شێوازەکانییەوە (بینراو، بیستراو، خوێنراو) تائێستا پێناسی جۆراوجۆر بۆ ناساندنی خراوەتەڕوو، ڕپرایەخی بوارەکەش بۆتەمایەی هاتنەئارای بۆچوونی جیاواز.

چەمکی میدیا بەپێی فەرهەنگی جیهانی (ئۆکسفۆرد):"ڕێگەیەکە بۆ گەیاندنی زۆرترین ژمارەی زانیاری بۆ جەماوەر لەڕێگەی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامەو هۆیەکانیترەوە". (Oxford, 2003, P796)

میدیا بەپێی پێناسێکیتر:"سەرجەم ڕێگاکانی هەڵگرتنو گواستنەوەی زانیاریو بیروڕا دەگرێتەوە، لەنێرەرەوە بۆ پەیامەوەرگرو بەپێچەوانەشەوە". (المتوكل، ١٩٩١، ص١٠).

کۆی ئەم پێناسە جیاوازانە، ئاماژەن بۆ ئەوەی میدیا ئامرازێکە بۆ گەیاندنی زانیاری و ڕووماڵی پێشهات و ڕووداوەکان بۆ جەماوەر، لەهەمانکاتدا کاریگەریی پەیامیش دەخاتەڕوو.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن لەماوەی یەك سەدەی ڕابردوودا، چەندین ئامرازی جیاوازی میدیایی هێنایەئارا، دیارترینیان قۆناغێکی مۆدێرنە کە تەکنەلۆژیای ئەلیکترۆنییە.

بەبڕوای پسپۆڕێك، سێ فاکتەر ڕۆڵیان لەپەیدابوونی مۆدێلە نوێیەکەدا هەبوو:

- شۆڕشی زانیارییەکان بەسوودوەرگرتن لەتەکنەلۆژیای زانیاری.
- گەشەی ئامرازەکانی پەیوەندی لەڕێی مانگە دەستکردەکانەوە.
- داهێنانی کۆمپیوتەرو ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان کە لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا بەکاردەهێنرێن، بۆ ئامرازەکانی پەیوەندیش شیاوە. (الحديثى، ٢٠٠٢م، ص ٢١٩)

میدیا بەهۆی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت، توانی بەرەو پرۆسەی بەجیهانیبوون هەنگاوبنێ، لەئەنجامدا مۆدێلی میدیای ئەلیکترۆنی هاتەئارا کە سەرجەم ئامرازەکانی پەیوەندی گرتۆتەخۆ.

داهێنانی تۆڕی زانیاری نێودەوڵەتی ئینتەرنێت (Internet)، فاکتەری سەرەکی شۆڕشێکی مەعریفی بوو لەسەرجەم کایەکانی پرۆسەی پەیوەندی و میدیادا کە بووەمایەی لەدایکبوونی میدیای ئەلیکترۆنی. (عبدالواجد أمين، ٢٠٠٧، ص ٦٣)

میدیای ئەلیکترۆنی بەپشتبەستن بەتۆڕی جیهانی ئینتەرنێت (WWW)[١]، لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لەسەرئاستی جیهان گەشەی بەرچاوی بەخۆوەبینی، هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت، ئەم مۆدێلە نوێیە توانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بخاتەژێر هەژموونەوە.

مەبەستیش لەم چەمکە نوێیە: پشتبەستنە بەتەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کە دەرفەتێکی فراوان دەڕەخسێنێ بۆ گواستنەوەی (تێکست و دەنگ و وێنە) بەهاوبەشی و بەشێوەیەکی خێرا. (تربان، ٢٠٠٨، ص ٩٣)

هەردوو پسپۆڕ (Koh& Butle) لەو باوەڕەدان: میدیای ئەلیکترۆنی ئەو سایتە جەماوەرییە ئەلیکترۆنییانەیە کە هاوڵاتیان هەرچەندە لە ڕوانگەی کات و شوێنەوە جیاواز بن، بەئاسانی دەتوانن

---

[١]- تۆڕی جیهانی بەربڵاو (Word wide web).

زانیارییەکانیان بۆبخەنەڕوو، ئالوگۆڕی زانیاری و بۆچوونیش لەگەڵ یەکتردا بکەن. ( Koh& Butler, 2007, P 70).

(الدلو) بەم جۆرە پێناسی کردووە: پرۆسەی بڵاوکردنەوەیە لەڕێگەی ئامرازو کەناڵەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی. ڕووداوە هەنوکەییەکانی لەخۆگرتووە، زانیارییەکانی بەهۆی ئامرازێکی کۆمپیوتەرەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکاتەوە (الدلو، ٢٠٠٢، ص ١٢٨٥).

ئەم دیدگا و پێناسانە کە کۆمەڵێك بۆچوونی جیاوازی لەخۆگرتووە، دەروازەیەکن بۆ ناساندنی مۆدیلێکی نوێی میدیا لەڕێگەی تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە، بەجۆرێك ئامرازەکانیتری (بینراو، بیستراو، خوێنراو) لەخۆیدا کۆکردۆتەوە.

**دووەم: میدیای ئەلیکترۆنی و فاکتەرەکانی گەشەسەندنی**

ململانێی دەوڵەتان لەدوای جەنگی دووەمی جیهان بۆ برەودان بەتەکنەلۆژیای پەیوەندی، ڕۆڵێکی گرنگی بینی لەداهێنانی ئینتەرنێتدا کە کاریگەری لەسەر پێشخستنی ئامرازەکانی میدیادا هەبوو.

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجەش، ئاژانسی پڕۆژەی توێژینەوە پێشکەوتووەکان ( Advanced Research Project Agency) (ARPA)، بۆیەکەمینجار لە ساڵی (١٩٦٢ز) هەوڵەکانی لەئەمریکا خستەگەڕ بۆ داهێنانی پرۆسەی وەرگرتن و ناردنی داتا بەهۆی پێکەوەبەستنەوەی پرۆگرامێکی کۆمپیوتەرەوە، ئەمەش بەقۆناغە بەراییەکانی داهێنانی ئینتەرنێت ناودەبرێت. ( Leiner, 2009, P23).

میدیای دامەزراوە گەورەکان بەتایبەتی لە وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا، هەوڵیان دەدا بۆ جۆرەها مەبەستی میدیایی، سود لە ئینتەرنێت وەربگرن لەڕووی وەرگرتنی زۆرترین زانیاریی لە پەیامنێرەکانیان و بڵاوکردنەوەیان.

لەسەرەتادا بایەخدان و پشتبەستنی ئەم دامەزراوانە بەبواری ئەلیکترۆنی، بووەمایەی برەوسەندنی میدیای ئەلیکترۆنی، ئەمەش بەدەستپێکی شۆڕشی زانیارییەکان دادەنرێت، دیارترین فاکتەرەکانی بریتین لە:

- داهێنانی بەرهەمی تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندی بۆ کۆکردنەوە و عەمبار و پەخشی داتا بەشێوەیەکی خێرا.
- هەڵکشانی ڕێژەی تەکنەلۆژیاو پرۆسەی پێشکەوتنی بەشێوەیەکی بەردەوام لەبوارەکانی: تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، کۆمپیوتەر و بەرهەمیتردا.
- سودبینینی جەماوەر لەنرخی داشکاوی بەرهەمە تەکنەلۆژییەکان.
- داهێنانی ئامرازی جۆراوجۆر بەشێوەی دەنگ و وێنەو ڕەنگی جوڵاو و چاپکراو، ئەمەش ڕێژەی کاریگەری و مامەڵە (Interactivity)ی بەرهەمە تەکنەلۆژییەکانی شۆڕشی زانیاری و کاریگەری ئامرازەکانی میدیا و پەیوەندی لەسەر کۆمەڵگای مرۆیی زیاتر کرد. (لعقاب، ٢٠٠٣، ص ٧٧- ٧٨).

خزمەتگوزاریی میدیای ئینتەرنێتی، واتا میدیای هەمەجۆر(Multi Media) کە لاپەرەو

وێبسایتو فایلی دەنگیو وێنەو ڤیدیۆو بانکی زانیاریو پەیوەندییە لەڕێگەی ئیمەیلو چاتو وتوێژی راستەوخۆی ڤیدیۆییەوە، جگە لەپەخشی ئیزگەییو تەلەفزیۆنیو نمایشکردنی رۆژنامەی کاغەزەوەو پیشاندانی رۆژنامەی ئەلکترۆنی، بەبێ وابەستەبوون بەچوارچێوەیەکی دیاریکراوە. توانای گەڕان (Search) و پێکەوە بەستن (Links) و نووسینی وەڵامو توانج (comment) و بەکارهێنانی دەقی باڵای ئەلکترۆنییەوە (HyperTexts). هەموویان فاکتەرن بۆ ئەوەی ئینتەرنێت خاوەنی جەماوەرێکی بەرفراوان بێت، رۆژبەرۆژیش ژمارەیان لەزیادبووندایە، ئەمەش دەبێتەهۆی گەشەی پەیوەندییە ئەلکترۆنییەکانو راگەیاندنی ئەلیکترۆنیو وەلانانی ئامێری پەیوەندییکردنو راگەیاندنی کلاسیکیو رۆژنامەنووسیی کاغەز (Newspaper). (ئەحمەد، ٢٠١٤، وێبسایت).

شۆڕشی زانیاریی و پەیوەندی ئەلیکترۆنییەکان، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەرگەشەی خێرای هەژمونی میدیاش هەبوو تا ببێتە بەشێك لەو پرۆسەی جیهانگیرییەدا، بەمانایەکیتر جیهان بەخێرایی لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشن و میدیادا ئاڵوگۆڕی بەخۆوەبینی، فاکتەرەکانی ئەم شۆڕشە میدیاییەش، لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

١- فاکتەری تەکنەلۆژی: خۆی لەو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەردا دەبینێتەوە، بەتایبەتی پەیوەندی بەمانگە دەستکردەکان و تۆڕی ئینتەرنێت و تۆڕی ڕیشاڵە تیشکییەکانەوە هەیە.

٢- فاکتەری ئابوری: جیهانگەرایی ئابوریی و گشت داخوازییەکانی خێراکردنی شمەك و سەرمایەدایە، ئەمەش لەگەڵ خۆیدا خێراکردنی هەڵقوڵینی زانیارییەکان دەهێنێ.

٣- فاکتەری سیاسی: ئەو بەکارهێنانە هەڵکشاوەیە لەلایەن ئامرازە میدیاییەکانەوە لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە بەئامانجی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخە سیاسییەکە. (ریشاوی، ٢٠١٢، لا ١٦٥- ١٦٧)

سەرەتای دەیەی نەوەدی سەدەی رابردوو، پرۆژەکانی پەرەپێدانی کاری میدیایی لەرێگەی ئەلیکترۆنییەوە، بەپرۆژەو هەوڵە بەردەوامەکانی رۆژنامە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا، هەنگاوی باشی بەخۆوەبینی.

**سێیەم: جۆر و تایبەتمەندییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی**

**١- جۆرەکانی میدیای ئەلیکترۆنی**

پسپۆڕانی میدیا، بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەی گەشەی میدیای ئەلیکترۆنی کە توانیویەتی سەرجەم ئامرازەکانیتری (بینراو، بیستراو، خوێنراو) لەخۆبگرێت، هەوڵیان داوە جۆر و تایبەتمەندییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی زانستی پۆلێن بکەن.

لایەنی ئەرێنی پۆلێنبەندییەکان، بۆ تاوتوێی زیاتری تایبەتمەندییەکانیان و هەڵسەنگاندنیانە، ئەمەش یاریدەی توێژەران دەدات تا بەدروستی بتوانێ شرۆڤەیان بکات.

بەبڕوای پرۆفیسۆر (د.نەعیم بەدیعی)، میدیا بەسێ جۆر مۆدیلی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی هەیە:

ا- ڕۆژنامەی چاپکراو بەشێوەی (Portable Document Format - PDF): دەقی ڕۆژنامەی

چاپکراو، بەشێوەی سکان (scan) یا (PDF) لەسەر سایتی ئینتەرنێت دادەنرێت.

ب- ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان: سایتەکانی ئینتەرنێت کە جیاوازن لە میدیای چاپکراو. بەبەردەوامی بابەتەکانی نوێ دەکرێتەوە.

ج- ئاوێتەی هەردوو مۆدیلەکە: هەندێ لە بڵاوکراوەکان، نیوەلاپەڕەی یەکەم بەشێوەی وێنەیی و پاشان لاپەڕەکانیتری بەشێوەیەك دەخەنەڕوو کە دەرفەتی بەدواداگەڕان (Search)ی تێدابێت. (بەدیعی، ٢٠٠٩، لا ١٩)

بەپێی ئەم پۆلێنە، میدیای ئەلیکترۆنی دەشێ هەمانشێوازی چاپەمەنی بێت و لەسەر وێبسایت بخرێتەڕوو تا بەئاسانی لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بگەیەنرێتە جەماوەر. شێوازێکیتریشی کە ئۆنلاینە، فۆرمێکی تەواو جیاوازی لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی کاغەزدا هەیە لەڕووی چەندین تایبەتمەندی وەك سێرڤسی ئینتەرنێتی و دەنگ و ڕەنگ و جۆری دیزاین.

بەپێی بۆچوونێکیتر، میدیای ئەلیکترۆنی بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێت:

ا- ڕۆژنامەی ئۆنلاین (On- Line Newspaper)، هەمان ناوی ڕۆژنامەی کاغەزی هەیە، لەهەمانکاتدا تایبەتمەندییەکانی بریتین لە:

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی میدیایی بەشێوازی ڕۆژنامەگەریی کاغەزە، لەڕووی هەواڵ و ڕاپۆرت و ڕوومالی ڕووداوەکان و وێنە و ژانرەکانیترەوە.

- چەندین خزمەتگوزاریی میدیایی هەیە کە لە ڕۆژنامەگەریی کاغەزدا نییە، بۆنمونە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دەق بەشێوەی (Hypertext) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

- خستنەڕووی خزمەتگوزاریی فرەجۆر (Multimedia) لەڕووی دەق و دەنگەوە.

ب- خستنەڕووی کۆپییەکی ئەلیکترۆنی لە ڕۆژنامەگەریی کاغەز. (المهداوی،٢٠٠٧م، ص ٥٣)

هەردوو پۆلێنبەندییەکە هاوڕان لەسەر سوودوەرگرتنی دامەزراوەکانی میدیا لەئینتەرنێت، بۆپەخشی ئۆنلاینی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە چاپکراوەکانیان، بەمانایەکیتر هەمان مۆدیلی کاغەزی چاپکراوە و سیستەمی دابەشکردنەکەی بەشێوازی ئۆنلاینە. لەم ڕوانگەیەوە مۆدیلی ڕاستەقینەی میدیای ئەلیکترۆنی، لەڕووی شێوەو ناوەڕۆك و سێرڤسەکانییەوە جیاوازە لە کاغەزی چاپکراو. بەبڕوای (د.ڕەزوان ئەلعلي) شارەزای میدیای ئەلیکترۆنی، خەسڵەتەکانی بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی کاغەز، بریتین لە:

- بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆر (بینراو، بیستراو، خوێنراو) واتا (Multimedia)یە.

- توانای تازەبوونەوەی هەیە، ڕۆژنامە لەڕۆژێکدا تەنها جارێك چاپ دەکرێت، بەڵام مۆدیلی ئەلیکترۆنی لەساتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکدا نوێ دەکرێتەوە.

- توانای کارلێکی لەگەڵ خوێنەردا هەیە.

- دەرفەتی بۆ گەشەپێدان و بەکارهێنانی ڕیکلام و بازرگانی ئەلیکترۆنی تێدایە. (العلى، ٢٠١٤، ص ١١٧).

لەهەرێمی کوردستانیش، هەرسێ جۆری پۆلێنەکە بۆ میدیای ئەلیکترۆنی کوردیش دروستە، لەئێستادا چەندین ڕۆژنامەی کاغەزیی بڵاودەکرێنەوەو دەقی چاپ و چەند خزمەتگوزارییەکیتر لە

وێبسایتەکەیاندا هەیە، بۆنموونە ڕۆژنامەکانی: کوردستانی نوێ، خەبات.
جۆری دووەمیش، لەماوەی نزیکەی (20) ساڵی ڕابردوودا ڕێژەکەیان لەهەڵکشاندایە، دیارترینیان وێبسایتی (کوردستان نێت)ە.
گرنگترین شێوازیش کە مۆدیلی سێیەمە و بەتەواوەتی دەچێتەخانەی میدیای ئەلیکترۆنی، لەدوای گەشەی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت لەهەرێمی کوردستاندا کار دەکەن و تەمەن و ئەزموونێکی باشیان لە بوارەکەدا هەیە، بۆنموونە وێبسایتەکانی: (خەندان، ئاوێنە) کە تایبەتمەندییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی کوردییان لەخۆگرتووە.

**٢- تایبەتمەندییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی**

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت و ڕەنگدانەوەی لە بڕەوسەندنی میدیای ئەلیکترۆنی بەبەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوودا، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تایبەتمەندییەکانی هەبووە.
لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، پێشهات و ڕووداوە گرنگەکان کە لە وڵاتێکدا یاخود لەسەرئاستی جیهان جێگەی بایەخ بوون، میدیای ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕووماڵ و بایەخپێدانیدا هەبووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی.
هەندێ لەپسپۆڕان، ئاماژەیان بەتایبەتمەندییەك یا بەچەند لایەنێکی ئەرێنی داوە، لەم توێژینەوەیەدا بەپۆلێنکراوی شرۆڤەیان دەکەین:

**ا- خێرایی لە پرۆسەی گەیاندنی داتا و زانیاری:**

کوالیتی ئینتەرنێت و ئاستی خێراییەکەی لە میدیای ئەلیکترۆنیدا، لەتوانایدایە زۆرترین پەیام بەکەمترین ماوە بگەیەنێت.
بەبڕوای پسپۆڕێك، میدیای ئەلیکترۆنی لەپرۆسەی گەیاندنی داتا و زانیاری، خاوەنی ئەم خەسڵەتانەیە:

- دەرفەتی بەدواداچوونی نوێ بۆ هەواڵەکان لەهەموو کات و ساتێکدا.
- بەرهەمهێنان بەپێی خواستی بەکارهێنەران یاخود پەیاموەرگر.
- ڕەخساندنی دەرفەتی مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەنێوان خوێنەر و نوسەردا.
- گواستنەوەی هەواڵ بەپەلەکان.
- گواستنەوەی هەواڵەکانی ناوچەکە و جیهان بەخێرایی. (الفلاحی، ٢٠١٤م، ص ٢٠٠- ٢٠١)

**ب- بڕەودان بەئازادیی ڕادەربڕین و خۆدەربازکردن لە سانسۆر:**

ئاستەنگێکی گەورەی بەردەم میدیا گرفتی ئازادیی ڕادەربڕین و سانسۆرە جۆراوجۆرەکان بووە.
تایبەتمەندییەکیتر بەبەراورد لەگەڵ مۆدیلەکانیتردا، بریتییە لەخۆدەربازکردن لەسانسۆر، واتا: توانای میدیای ئەلیکترۆنی بۆ شکاندنی سنورەکان و دەوڵەتان بەبێ سانسۆر یا لەمپەرەکانی بەردەمی. (المهداوی،٢٠٠٧م، ص ٥٦)

**ج- پەرەپێدانی کۆمەڵگای زانیاری**

ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆڕێکی هزری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەکنەلۆژیا بەهۆی گەشەسەندنی خێرا و بەکارهێنانی زانیاری بەشێوەیەکی بەرفراوان لەڕێگەی داهێنانەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەوە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا. (Kuper, 2003, P410)

تایبەتمەندی ئەم کۆمەڵگایەش لەوەدایە کە دەبێتەمایەی فەراهەمکردنی مافی زانین وەك مافێکی بنچینەیی هاوڵاتیان لە قۆناغی مۆدێرنەدا. کاریگەری لەسەر هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگا هەیە، زۆرجاریش ئاستەنگی جۆراوجۆرار لەبەردەم هەوڵەکانی جەماوەر بۆ دەستەبەری مافی زانین خوڵقێنراوە، بەڵام میدیای ئەلیکترۆنی ئاسانکاری زۆری بۆ پرۆسەی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بەجەماوەر ڕەخساندووە، توانیویەتی بناغەی کۆمەڵگای زانیاری دابنێت.

**د- فرەیی لەخزمەتگوزاریدا:**

دەستەبەری خزمەتگوزاری جۆراوجۆری (بینراو، بیستراو، خوێنراو)و جۆرەها ئەپڵیکەیشن، لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی میدیای ئەلیکترۆنییە کە سودی جۆراوجۆری بۆ جەماوەر هەیە، وەك: دابینکردنی پرۆسەی دەستراگەیشتن بەچەندین پێگەی تایبەتی لاپەرەکانی تۆڕی ئینتەرنێت و کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ناوچەیی و جیهانییەکان، جەماوەر دەتوانێ بەپێی حەزی خۆی بژاردەیان بکات بەپێی دەرفەتی کات و شوێن. (عبدالحمید، ٢٠٠٧، ص ٣٢- ٣٣)

**هـ- کارئاسانی بۆ بودجەی پەخش و ئەرشیف:**

دامەزراوەکانی میدیا زۆرجار ڕووبەڕووی ئاستەنگی دارایی و تێچووی چاپوپەخش بوونەتەوە، هەندێکیان لەبەرئەم گرفتە کۆتاییان بەکارەکانیان هێناوە، کاتێك شرۆڤەی مێژووی میدیا لەکوردستان و جیهانیشدا دەکەین، نمونەی ئەم ئاستەنگە بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت.

میدیای ئەلیکترۆنی، بەبەراورد لەگەڵ ئامرازەکانیتر (ڕۆژنامەو گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ئاژانسەکان) بڕی تێچووی زۆر کەمترە، لەڕێی ڕیکلام و داهاتێکی کەمەوە دەتوانێ بژێوی دابین بکات، واتا:

- بودجەی دارایی میدیا ئەلیکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت زۆر کەمترە لە ڕۆژنامەگەریی کاغەز.
- میدیای ئەلیکترۆنی بەئاسانی دەتوانێ تێچووی خۆی بەریکلام و ئاگاداری دابین بکات. (المهداوی،٢٠٠٧م، ص ٥٦).

کەواتە تایبەتمەندی میدیای ئەلیکترۆنی کەمی بڕی تێچوونە. (سادق، ٢٠١٩ز، ص ٣٧٩).

ئەم خەسڵەتانەش، بوونەتەمایەی هەڵکشانی ڕێژەی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی کاریگەرییەکانیشی لەسەر کۆی بوارەکانی کۆمەڵگا، لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان تاوتوێ دەکەین.

**باسی دووەم: ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان**

**یەکەم: چەمك و پێناسی ئاسایش و ئاسایشی کۆمەڵگا**

چەمکی ئاسایش بەمانای هێنانەدی ژیانێکی ئارام و دوور لەهەڕەشە بۆ کۆمەڵگای مرۆیی، لەسەردەمە دێرینەکانەوە تائێستا پرسێکی ئاڵۆز و پڕبایەخی پسپۆران بووە، لەوپێناوەدا هەوڵیان داوە لەڕەهەندی جیاوازەوە پێناس و تاوتوێی زانستیانەی بکەن.

لەم توێژینەوەیەدا بەخستنەڕووی کۆمەڵێك تێڕوانین، بۆچوونێکی ڕوون و هاوبەش بۆ ناساندنی ناوەڕۆك و بایەخی ئاسایشی کۆمەڵگا دەخەینەڕوو.

چەمکی (ئاسایش) لەزمانە ناسراوەکانی جیهاندا، دەستەواژەی فرەچەشنی بۆ بەکارهێنراوە.

لەزمانی کوردیدا، بەهۆی بایەخی دەستەواژەکە بۆ کۆمەڵگا کە بەبەردەوامی لەژێر هەڕەشەدایە ، چەندین هاومانای بۆ بەکارهێنراوە و بەپێی دیالێکتەکانیشی جیاوازە.

(عەبدولرەحمان زەبیحی)ی پسپۆڕی وشەی کوردەواری، بۆ چەمکی (ئاسایش) وشەکانی (حەسانەوە، هێمنی و ئارامی، بێ قرەوبرەیی) بەکارهێناوە. (زەبیحی، ١٩٧٧، لا ٢٨).

قازی (شێخ محەمەدی خاڵ) لە فەرهەنگەکەیدا هاوڕایە، هەر وشەی (حەسانەوە)ی بۆ (ئاسایش) بەکارهێناوە. (خاڵ، ٢٠٠٥، لا ٥)

لە فەرهەنگی (هەنبانەبۆرینە)دا کۆمەڵێك وشەی بەکارهێناوە، وەك: ئاسایشت، ئاسودەیی، ئیسراحەت، بێ خەمی (هەژار،١٣٨٥،لا ٦)

لە چەندین فەرهەنگێکی ناسراوی کوردیدا، ئاماژەیان بەهەندێ دەستەواژەیترداوە، وەك: دڵنیایی، ئەمین، ئاسایشت. (ڕەشید، ٢٠١١، ٤٥٩). یاخود دەستەواژەکانی: ئاسایش و ئاسایشت (جەلیلیان، ٢٠٠٤، لا ٧)

لەزمانی عەرەبیدا هاومانای وشەی (الامن)ە و دەستەواژەیتری وەك (سلام، سلم)یش بەکارئەهێنرێت. (فازڵ نیزامەدین، ٢٠٠٧، لا ١٥). لە زمانی ئینگلیزیشدا هاوواتای وشەی (Security)یە.

چەمکی (ئاسایش) لەزمانی کوردیدا زیاتر لەوشەکانیتر بەکارهێنراوە، لەم ڕوانگەیەوە لەم توێژینەوەیەدا دەستەبژێرکراوە.

**دووەم: کورتەیەك لە مێژووی مۆدێرنی (ئاسایشی کۆمەڵگا)**

هاتنەئارای چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگا وەك پرەنسیپێکی گرنگ بۆمانەوەی دەوڵەتان و خۆپاراستنیان لەماوەی ململانێ و جەنگەکان، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتە کۆنەکان بەتایبەت دەوڵەتشاری یۆنان.

گرنگیدان بەئاسایش لە ستراتیژی وڵاتاندا وەك بنەمایەك بۆفەراهەمکردنی ژیانێکی ئارام بۆ مرۆڤایەتی و پاراستنی لە هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، دەشێ بۆ چەند قۆناغێکی مێژوویی پۆلێن بکرێت.

بەبڕوای (Carr, E. H) پسپۆڕی ئاسایش، ڕەگوریشەکەی لە ستراتیژی وڵاتدا، دەگەڕێتەوە بۆ

جەنگەکانی پیلۆپۆنیزییەکان (Peloponesian) کە لەنێوان دەوڵەتشارەکانی یۆناندا ڕووی دا، سەلماندی ئاسایش ڕەگوڕیشەکەی لەناو دەسەڵاتدایە، بەهێزەکان لە ئاسایشدان و لاوازەکانیش لەترس و نائارامیدا دەژین. بەمانایەکیتر دابینکردنی ئاسایش، کرۆکی سیاسییانەی دەسەڵاتە. ( Carr, E. H, 1994, P 40- 41).

(رۆبەرت ماندل) (Robert Mandel) پسپۆڕی ئاسایش، جەخت دەکاتەوە کە قۆناغێکیتری ئەم بابەخدانە دەگەڕێتەوە بۆ: سەدەی هەڤدەیەمی زایینی کە کۆمەڵێك دەوڵەتی نوێ لەئەوروپا هاتنەئارا، لەپێناو مانەوەیاندا زاراوەی ئاسایشی وڵاتیان بەشێوەیەکی بابەتیانە خستەڕوو، بەمانا ستراتیژییەکەشی لەسەدەی بیستەم بەتایبەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بووەباو. (ماندل، ١٩٩٨ز، ص٤)

سەبارەت بەمێژووی مۆدێرنی چەمکەکەش، لەدەستپێکی شەڕی سارد لەنێوان هەردوو وڵاتی ئەمریکا و سۆڤییەت کە دەستیان لەکاروباری یەکتر وەردەدا. ئەمریکا لەهەنگاوێکی ستراتیژیدا، بۆ پێکەوەبەستنەوەی بوارەکانی (سەربازی، هەواڵگری، دیبلۆماسی و تەکنەلۆژی)، بڕیاری دامەزراندنی سەنتەری ئاسایشی نەتەوەیی دەرکرد، واتا لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم لەسەرئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی هاتەئارا، بووەمایەی بایەخدانێکی زۆر بەچەمکی ئاسایش. ( Leffler,1984, P346- 347)

ئەم هەلومەرجە، بە قۆناغی مۆدێرنی گەڵاڵەکردنی چەندین تیۆر و قوتابخانی هزریی بۆ بایەخدان بەئاسایشی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی دەوڵەتان و لەسەرئاستی نێودەوڵەتیش دادەنرێت.

لەم ڕوانگەیەوە (باری بوزان) (Barry buzan) کە دامەزرێنەر و پێشڕەوی تیۆری ئاسایشی کۆمەڵگایە، ئەنیستیتۆی توێژینەوەی ئاشتی کۆپنهاگ ( Copenhagen Peace Research) (CPRI Institute) لە هەنگاوێکدا قوتابخانەی کۆپنهاگی بۆ توێژینەوەی هزری، لەساڵی (1985ز)دا دامەزراند.

ناوبراو سەبارەت بەئامانجەکانی قوتابخانەکە بۆ گرنگیدان بەئاسایشی کۆمەڵگا، لەو باوەڕەدایە تائێستا تێگەیشتنێکی سادەی بۆ خراوەتەڕوو: بەپێچەوانەی بۆچوونی ڕیالیستەکان کە پێیانوایە ئاسایش لەڕێگەی بەدەستهێنانی هێزەوەیە، بەپێچەوانەی یۆتۆپیستەکانیش کە پێیانوایە ئاسایش لەڕێگەی ئاشتییەوە دێتەدی، ئێستا پێویستمان بە ئاراستەیەك لەنێوانیاندا هەیە واتا ئاشتی و دەسەڵات بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵگا زۆر بەگرنگ دادەنرێت. (بوزان، ١٣٨٧، ص ١٥)

ئەم قۆناغە نوێیە لەپێناو ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا، هەوڵیان دەدا بیسەلمێنن: چەمکی ئاسایش هەر بواری سەربازی ناگرێتەوە، بەڵکو دۆسییەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی و ژینگەش دەگرێتەخۆ. هەر پەیوەندی بە دەوڵەتیشەوە نییە، بەڵکو جەماوەرو کەرتی ناحکومی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش کاریگەرییان لەسەری هەیە. (Shaw, 1994, P 62)

هەروەها (باری بوزان) کۆمەڵێك بۆچوونی نوێی لە ساڵی (1991ز) لە پەرتوکە بەناوبانگەکەی خۆیدا بەناوی (جەماوەر، دەوڵەتان و ترس) (People,states and fear.) خستەڕوو، ئاسایشی کۆمەڵگا بۆ پێنج ئاراستەی جۆراوجۆر پۆلێن کرد.

تائەمرۆ لەبەر رۆشنایی تیۆرەکەی (باری بوزان) و قوتابخانەی کۆپنهاگ، شرۆڤەی جۆراوجۆر بۆ ئاست و جۆرەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا ئەنجام دراوە، لەسەر ئەم بنەمایە لە تەوەرەی دواتردا تاوتوێیان دەکەین.

**سێیەم: بنەما و ئاستەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا**

چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهەلومەرج و چارەنووسی وڵاتانەوە هەیە، لەبەرئەم فاکتەرەش (ئاسایش) بەبنچینەی سەرەکی دەوڵەت دادەنرێت.

بەبڕوای (باری بوزان)، هەبوونی بنەماکانی ئاسایش لە وڵاتێکدا، واتا پرۆسەی خۆپاراستن لەهەڕەشەکان (لەنێو سیستەمە نێودەوڵەتییەکاندا)و توانایی دەوڵەت و کۆمەڵگاکانە بۆ پاراستنی چوارچێوەو سەربەخۆیی خۆیان و بەجێهێنانی ئەرکەکانییەتی لەکاتی گۆڕانکاریدا. بەمانا تایبەتییەکەی، ئاسایش واتا هەوڵدان لەپێناو خۆپارێزی و مانەوە کە پێویستی بەکۆمەڵێك بنەماو پرەنسیپ هەیە. (buzan,1991, P432- 433)

**١- بنەماکانی ئاسایشی کۆمەڵگا**

بەگشتی بنەماکانی ئاسایش لە کۆمەڵگادا بەم چەشنە پۆلێن دەکرێت:

ا- بنەمای جیۆپۆلەتیکی- ستراتیژی: بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە کە بەسروشتی جیۆگرافیاکەیەوە گرێدراوە، وێڕای ئەو پێداویستییانەش کە جیۆپۆلەتیك دەیانسەپێنێ بۆنمونە: دیاریکردنی ناوچەی دەوڵەت، چڕی دانیشتوان، کۆکردنەوەی کارخانەکان لەناوچەیەکدا یا بڵاوەپێکردنیان بەسەر ناوچەکانیتردا.

ب- بنەمای سیاسی: دوو ڕەهەند دەگرێتەوە

- لایەنی ناوخۆیی: پابەندە بەڕژێمی سیاسی و شێوازی حکومڕانی و ئاستی دڵسۆزیی گەل بۆ وڵات و رژێمەکە و بەشداربوونیان لە سیاسەتی دەوڵەتدا.

- لایەنی دەرەکی: وابەستەیە بەسیاسەتی دەوڵەتانی دراوسێی دەوڵەتەکە و دەوڵەتە زلهێزەکان و ئامانجەکانیان (تاچەند دووژمنایەتی یان هاریکاری دەوڵەتەکە دەکەن).

ج- بنەمای ئابوری: مەبەست لەژمارەی دانیشتوانە لەگەڵ ڕێژەی کارکردنیان لەڕووی فێرکاری و تەکنیکیەوە، وێڕای توانای ئابوری لەبوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خزمەتگوزاری. تاچەندیش دەوڵەت متمانە دەکاتەسەر دەرەوە، بەتایبەتی لەبواری خۆراك، خۆپرچەککردن و پارچەی یەدەگ و کاریگەری پابەندبوونەکەش لەسەرتوانای دەوڵەت لەبواری مانۆڕو لۆجستییەوە.

د- بنەمای کۆمەڵایەتی: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە وەك ڕێژەی دابەشبوونیان بەسەر ئایین و تیرەو هۆزو نەتەوەی جیاوازو جۆری پەیوەندییەکانیان.

هـ- بنەمای سەربازی: لەکۆتایی بنەماکاندا دانراوە، بۆئەوەی نیشانی بدەین کە هێزی دەوڵەت هێزی بەسەربازی و ژمارەی هێزی چەکدار یا بڕی چەکەکەی دیارناکرێت، بەڵکو ئەو هێزە بەرەنجامی کارلێکی هەموو بنەماکانیترە لەگەڵ هێزی چەکداردا. (عەبدوڵڵا، ١٩٩٦، لا ٦٢- ٦٣).

هەرچەندە بنچینە سەرەکییەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا، بەپێی تێڕوانینی پسپۆڕێك یاخود قوتابخانەیەکی هزری گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەی لێرەدا ئاماژەمان پێکرد گرنگترین بنەماکانییەتی.

**٢: ئاستەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا**

بایەخی ئاسایشی کۆمەڵگا لەناودۆسییە گەرموگوڕەکانی ناوەندەکانی توێژینەوەدا، بۆتەهۆی هاتنەئارای بۆچوونی جیاواز دەربارەی ئاستەکانی.

بیرمەندی ناسراو (باری بوزان)، لەدەرەنجامی توێژینەوەکانییەوە ئاسایشی کۆمەڵگای بۆ سێ ئاست دابەش دەکردووە: (تاکەکەس، گروپ و چینوتوێژەکان، گشتی) (بوزان، ٢٠٠٩، ص٥١)

مەبەستیش لەم پۆڵێنبەندییە:

- ئاستی تاکەکەس: سەرجەم لایەنەکانی ئاسایش دەگرێتەوە کە پەیوەستە بەتاکەکەس لەکۆمەڵگادا، وەك: پاراستنی مافی ژیانی تایبەت، باری سایکۆلۆژی کە ئارامی ژیان و گیانی مرۆڤێك لەوڵاتێکدا دابین دەکات.

- ئاستی گروپ و چینوتوێژو دەستەکان: هەمیشە کۆمەڵێك دەستە و ڕێکخراو یا توێژ هەن کە خاوەنی خەسڵەتێکی هاوبەشن، ئامانجێك کۆیان دەکاتەوە وەك: ڕۆژنامەنووسان، پزیشکان، ژینگەپارێزان...بەهۆی کارەکانیانەوە دەشێ ڕووبەڕووی هەڕەشە ببنەوەو پێویستیان بەدابینکردنی ئاسایشی ژیان و پیشەکەیان هەیە.

- گشتی: لەسەرئاستی وڵاتێك یا هەرێمێك، هەندێ لایەنی ئاسایش هەیە کە ڕاستەوخۆ وابەستە بەرەوشی ژیانی دانیشتوانەوە، بۆنموونە بڵاوبوونەوەی گازی ژەهراوی لەناوچەیەکدا، یاخود مەترسییەکانی هەڵگیرسانی جەنگ لەوڵاتێکدا، کەواتە ئاسایشی گشتی چارەنووسی کۆی دانیشتوانی وڵاتێك لەخۆدەگرێت.

بەبۆچوونی شارەزایەکیتر، ئاسایش (Security) بۆ چەند ئاستێك دابەش دەکرێت:

- ئاسایشی تاکەکەسی.
- ئاسایشی کۆمەڵایەتی.
- ئاسایشی نەتەوەیی.
- ئاسایشی نێودەوڵەتی. (اشوری، ١٣٨٤، ص ٣٨)

**چوارەم: شێوازەکانی کاریگەریی میدیا لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا**

پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروبۆچوون بەهۆی گەشەی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خستۆتە ژێر کاریگەری شەپۆلێکی مۆدێرنەوە، بەتایبەت لەسەرکۆی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا.

لەسەردەمی شۆڕشی زانیاری و پەیوەندیی ئەلیکترۆنی، کۆمەڵگاکان بەشێوەیەکی سەرەکی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، هاوڵاتیان لەژیانی ڕۆژانەدا پەنا بۆ ئەم تەکنەلۆژیایە دەبەن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و کڕین وفرۆشتن و ئەنبارکردنی داتاکانیان. هەربۆیە سەرمایەیەکی زۆر بۆ

پیشەسازی ئەلیکترۆنی و پەرەپێدانی زانست و توێژینەوەی ئەکادیمی تەرخان دەکرێت،
بەبۆچوونی پسپۆڕێکی بوارەکە (ژان کازنۆ)، بۆئەوەی میدیاکان کاریگەرییەکی ئەرێنیان هەبێت، لەوباوەڕەدایە: ئەگەر میدیاکان بەشێوەیەکی دروست ئاراستە بکرێن، ئەوا کاریگەرییان لەسەر هەڵکشانی ئاستی هۆشیاریی تاکەکەس لەکۆمەڵگاکەی خۆیدا دەبێت. (کازنو،١٩٩٨، ص٢٦٨).
بەبۆچوونی (باری بوزان)، هەڵکشانی کاریگەرییەکان بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبوونە، بەها و ستراتیژە سیاسی و کلتورییەکانیش لەبەردەم ئاڵوگۆڕدان.
لەسەرئاستی کۆمەڵگا، سێ جۆر شێوازی کاریگەریی لەلایەن بیرمەندانەوە دەستنیشان کراوە، واتا: ئامانجی سەرەکی لەناردنی پەیام، دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر پەیاموەرگرو گۆڕینی بۆچوونەکانییەتی بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ یاخود نیگەتیڤ. بەپێی توێژینەوەکانی (بال رۆکیچ، دیفلەر)، ئەم کاریگەرییانەی میدیا لەسەر کۆمەڵگا پۆلێن دەکرێت بۆ:
ا- کاریگەریی مەعریفی: ئامرازەکانی میدیا ڕۆڵیان لەپەرەپێدانی هۆشیاری و ڕووناکبیری جەماوەردا هەیە سەبارەت بە ژینگەی سیاسی. میدیاکان سەرچاوەی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی کێشەیەکی دیاریکراو.
ب- کاریگەریی سۆزداری (سایکۆلۆژی): میدیاکان کاریگەرییان لەسەر هەستوسۆزو هەڵوێستەو گەلاڵەکردنی ئاراستەکانی مرۆڤدا هەیە.
ج- کاریگەریی ڕەفتاری: هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەپەیامەکانی میدیا گۆڕانی بەسەردادێت و بەشداریی لە چالاکییەکانی ژیانی سیاسیشدا دەکەن. ( Ball-Rokeach, S. and DeFleur, M. L, (1978, P3- 4
لەبەرڕۆشنایی ئەم بۆچوونە زانستییەدا، کاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان لەهەر سێ بواردا دەبینرێت.
لەڕووی مەعریفییەوە، هاوڵاتیان لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو کە ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی و سودوەرگرتنیان لە میدیای ئەلیکترۆنی لە ئاستێکی بەرزدایە، بەتایبەتی چینی گەنجان کە زووتر ئاشنای تەکنەلۆژیا بوون، ئاستی زانینیان لەنەوەکانی پێشوو جیاوازە، ئەمەش بەلایەنێکی ئەرێنی دادەنرێت. لەهەمانکاتدا هاتنی پرۆسەی جیهانگیریی لەڕێی میدیای ئەلیکترۆنی، کاریگەریی لەسەر دابونەریت و کلتوریشیان هەبووە، هەندێکیان نامۆن بە کۆمەڵگای کوردەواری، دەشێ ئەمەش بەشێوازێکی نەرێنی دابنرێت.
لایەنێکیتر کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا، ئەمرۆ هاوڵاتیان بەئاسانی سود لەجۆرەها ڕێنوێنی دەروونی و بابەتی پڕئامۆژگاریی وەردەگرن بۆ چۆنییەتی مامەڵە لەگەڵ ژیان و کۆسپەکانی. لایەنی نەرێنیشی لەسەردۆخی دەروونی کۆمەڵگا جێهێشتووە، چەندینجاریش دیاردەکانی:خۆکوژی، هەڕەشە، تیرۆر یا نەخۆشی دەروونی بەهۆی خراپ بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستاندا ڕەنگدانەوەیان هەبووە.
ئەم دوو شێوازە، کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی ڕەفتاری دانیشتوان هەیە، بەمانایەکیتر لەقۆناغی بەرلە جیهانگیری، ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگا تائەندازەیەك چوونییەك بوو یاخود

خەسڵەتی هاوبەشیان زۆر بوو، بەڵام گەشەی میدیای ئەلیکترۆنی بۆتەمایەی هاتنەئارای جۆرەها رەفتار یاخود گۆڕانکاری.

هەروەها شێوازەکانی کاریگەری لەسەر بونیادی کۆمەڵگا، لەچەند ڕوویەکەوە خۆی چڕکردۆتەوە:

١- گۆڕانکاریی پێکهاتەیی: خێزان لە فۆرمە بەرفراوانەکەیەوە بەرەو بچوکبوونەوە دەچێت، پاشان بڕەوی داوە بە خێزانی تاکەکەسی و منالّی تاقانە و ژیانی بێ هاوسەرێتی.

٢- گۆڕانکاریی لەبەهاکاندا: لەقۆناغی مۆدێرندا، چەندین بەهای وەك وەفاداریی ژن و پیاو بەرامبەر یەکتر، زاوزێ بۆ منالّ، پەیوەندی خزمایەتی، سەرپەرشتیاریی پیاوان و نانبدەیی و ماڵداریی ژنانی زۆر کەم کردۆتەوە.

٣- گۆڕانکاریی لە ڕۆڵ و ئەرکدا: ڕۆڵی جارانی پیاوان و ژنان و منالّان لەناو خێزاندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. پیاوان ئەرکی بژێویان لێستێنراوەتەوە، ڕێژەیەکی زۆری ژنان کار لەدەرەوەی ماڵ دەکەن، ئەمەش مشتومڕی زیاتر کردووە. (شیخی، ١٣٨٠، ص ٤٢).

وێڕای ئەم شێوازی کاریگەرییانە، کۆمەڵگای کوردی لەسایەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گەشەی میدیای ئەلیکترۆنی لەئاڵوگۆڕی بەردەوامدایە، بۆ تاوتوێی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکان و ڕێکارەکانی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا، لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەدا بەپشتبەستن بەبۆچوونی سامپڵێکی کۆمەڵگای کوردی، شرۆڤەیەکی ئەکادیمی ئەم تەوەرە سەرەکییە دەکەین.

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی:

### باسی یەکەم: هەنگاوە بەراییەکان

**١- جۆر و میتۆدی توێژینەوە:**

بەتوێژینەوەیەکی لەرووی جۆرەوە بەوەسفی دادەنرێت، بەپشتبەستن بەمیتۆدەوە ڕاپێوی لەسەربنەمای لیکەرتی پێنج پرسیارییە.

**٢- کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوە:**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە چینوتوێژە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان، سامپڵی توێژینەوەکەش بەشێوازی مەبەستدارە (عینە القصدیە)، لەڕێگەی ئۆنلاینەوە بڵاوکراوەتەوە، پاشان (352) فۆرم وەرگیراوەتەوە و تاوتوێ کراون.

**٣- بوارەکانی توێژینەوە:**

أ- بواری مرۆیی: رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بەسامپڵ وەرگیراوە.

ب- بواری شوێن: هەرێمی کوردستان- عێراق.

ج- بواری کات: ماوەی دابەشکردنی فۆرمی راپێوییەکەیە لەماوەی (22ی ئابی 2022ز- 22ی ئەیلولی 2022ز) بەشێوەی ئەلیکترۆنی دابەش کراوە، پاشان پرۆسەی هەڵاوێرو جیاکردنەوە بۆ وەڵامەکان ئەنجام دراوە.

**٤- ئامرازەکانی توێژینەوە:**

بەپشتبەستن بەفۆرمی راپێوی، پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و بۆچوون بۆ توێژینەوەکە ئەنجام دراوە، بڕگەکانی بەشی یەکەمی فۆرمەکەش وەرگرتنی زانیاریی گشتی لەناو بەرتوێژان بوو، بڕگەکانی بەشی دووەم تەرخان کرابوو بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی بەرتوێژان سەبارەت بەتەوەرە گرنگەکان کە پەیوەندیدارن بەکاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان.

**٥- دروستی ڕواڵەت:**

بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕاپێوی، توێژەران ڕێگەی دروستەڕواڵەتییان بەکارهێنا، ئەویش ڕادەستکردنی فۆرمەکەیە بەژمارەیەك هەڵسەنگێنەری ئەکادیمی*[1] کە پسپۆڕی بواری

*ناوی هەڵسەنگێنەران بەگوێرەی پلەی زانستیان:
- پ.د.هێرش رەسوڵ موراد، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
- پ .د.ئەمیر خواکەرەم: سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
- پ.ی.د.سامان جەلال مەولود، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین.

توێژینەوەکەن، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان، سەرنج و تێبینی لەلایەن هەڵسەنگێنەرانەوە تۆمار کرا، ئاستی پەسەندکردنی بڕگەکانیش (%92.6) بوو، ئەمەش لەڕووی زانستییەوە بەئەنجامێکی پەسەند بۆ فۆرمەکە دادەنرێت.

**٦- جێگیریی:**

توێژەران تاقیکردنەوەی (کرۆنباخ ئەلفا Cronbachs Alpha)یان وەك پێوەرێك بەکارهێنا بۆ دەرهێنانی ئاستی جێگیریی فۆرمی ڕاپێوییەکە، ئەنجامەکەشی (0.845) بوو کە ئاماژەیە بۆ جێگیریی فۆرمەکە.

**٧- پڕکردنەوەی فۆرمی پێوانەیی:**

توێژەر لە فۆرمەکەدا لەسەر بنەمای پێنج بژاردەیی (لیکرتی)، کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بەتەوەرەی سەرەکی توێژینەوەکە خستەڕوو، پێنج بژاردەی وەڵامی بۆ بەرتوێژان تێدابوو: (هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، کەم جار، هەرگیز).

**باسی دووەم: تایبەتمەندییەکانی بەرتوێژان**

**١- زانیاری و داتا بنەڕەتییەکانی بەرتوێژان**

دوای جیاکردنەوەی وەڵامەکانی تەوەرەی گشتی فۆرمەکە، بەڕێژەی (%55.11) لەڕەگەزی نێرن و لەپلەی یەکەمدایە، بەڕێژەی (%44.89) لەڕەگەزی مێینەن.

لەڕووی تەمەنەوە، بەڕێژەی (%36.93)ی بەرتوێژان تەمەنیان (20 – 29 ساڵ)ە و لەپلەی یەکەمدایە. بەڕێژەی (%30.13)ی بەرتوێژان تەمەنیان (30 - 39 ساڵ)ە و بەپلەی دووەمە. بەڕێژەی (%11.93)ی بەرتوێژان تەمەنیان (50 -59 ساڵ)ە و بەپلەی سێیەم دێت، هەروەها بەڕێژەی (%11.36) تەمەنیان (40 - 49 ساڵ)ە و بەپلەی چوارەم و بەڕێژەی (%9.65)ە تەمەنیان (60 ساڵ و زیاتر)ە و بەپلەی پێنجەم دێت.

لەڕووی ئاستی بڕوانامەوە، بەڕێژەی (%46.02) بەشداربووان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیەو بەپلەی یەکەم دێت. بەڕێژەی (%19.32) بەشداربووان بڕوانامەی ئامادەییان هەیەو بەپلەی دووەم دێت. هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر بەڕێژەی (%14.77)ی بەرتوێژانن بەپلەی سێیەم دێت. بەڕێژەی (%11.93) بەشداربووان بڕوانامەی دیبلۆمیان هەیەو بەپلەی چوارەم دێت، بەڕێژەی (%7.39)ی بەرتوێژان بڕوانامەی دکتۆرایان هەیەو بەپلەی پێنجەم دێت. بەڕێژەی (%0.57) بەشداربووان بڕوانامەی دبلۆمی باڵایان هەیەو لەپلەی شەشەمدایە.

---

- پ.ی.د. کاروان عەلی قادر، بەشی پەیوەندییەکان و بازاڕگەری، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

- پ.ی.د. کاوە عەبدولڕەزا محەمەد، پسپۆڕی میدیا، سەرۆکی پەیمانگای تەکنیکی بەکرەجۆ.

لەڕووی باری خێزانی بەرتوێژان، بەڕێژەی (83.52%) خێزاندارن لەپلەی یەکەمدایە، بەڕێژەی (11.93%) سەڵتن و بەپلەی دووەم دێت، بەڕێژەی (4.55%) جیابۆتەوە لە هاوسەرەکەی و بەپلەی سێیەم دێت. لە خشتەی ژمارە (١)دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١):
زانیاری و داتا بنەڕەتییەکانی بەرتوێژان

| گۆڕاوەکان | بژاردەکان | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 291 | 55.11 | 1 |
| | مێ | 237 | 44.89 | 2 |
| | کۆی گشتی | 528 | 100 | |
| تەمەن | 20- 29 ساڵ | 195 | 36.93 | 1 |
| | 30 – 39 ساڵ | 159 | 30.13 | 2 |
| | 40 – 49 ساڵ | 60 | 11.36 | 4 |
| | 50 – 59 ساڵ | 63 | 11.93 | 3 |
| | 60 ساڵ و زیاتر | 51 | 9.65 | 5 |
| | کۆی گشتی | 528 | 100 | |
| ئاستی خوێندن | ئامادەیی | 102 | 19.32 | 2 |
| | دبلۆم | 63 | 11.93 | 4 |
| | بەکالۆریۆس | 243 | 46.02 | 1 |
| | دبلۆمی باڵا | 3 | 0.57 | 6 |
| | ماستەر | 78 | 14.77 | 3 |
| | دکتۆرا | 39 | 7.39 | 5 |
| | کۆی گشتی | 528 | 100 | |
| باری خێزانی | جیابۆوە | 24 | 4.55 | 3 |
| | خێزاندار | 441 | 83.52 | 1 |
| | سەڵت | 63 | 11.93 | 2 |
| | کۆی گشتی | 528 | 100 | |

**باسی سێیەم: خستنەڕووی ئەنجامی فۆرمی پێوانەیی**

دوای هەڵاوێردی زانستییانەی وەڵامی بەرتوێژان بۆ فۆرمی پێوانەیی، سەرجەم ڕەهەندەکانی کاریگەریی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا تاوتوێ کران:

**١- ڕێژەی بایەخدان بەهەواڵ و زانیاریی تایبەت بە ئاسایشی کۆمەڵگا**

ئاستی بایەخدانی بەرتوێژان بە (هەواڵ و زانیاریی تایبەت بە ئاسایشی کۆمەڵگا) دەردەکەوێت کە ڕێژەی وەڵامدانەوەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) دەکاتە (5.68%) ڕێژەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدانیم)

دەکاتە (6.25%) هەروەها ڕێژەی وەڵامی (دڵنیا نیم) (17.62%)ە، لەکاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام) دەکاتە (46.02%)، ڕێژەی وەڵامدانەوەی (تەواو لەگەڵیدام) دەکاتە (24.43%). بەبڕوای توێژەر، فاکتەری ئەم بایەخدانەش بەهەواڵ زانیارییەکانی تایبەت بەئاسایشی کۆمەڵگا، دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان، چونکە هەلومەرجی ئاسایش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیان وگوزەرانی هاوڵاتیان و چارەنووسی ڕۆژنامەنووسانیشەوە لەکاتی کارکردنیاندا هەیە.

خشتەی (٢):
بایەخدان بەهەواڵ و زانیاریی تایبەت بەئاسایشی کۆمەڵگا لەهەرێمی کوردستان

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواولەگەڵیدام | 129 | 24.43 | 2 |
| لەگەڵیدام | 243 | 46.02 | 1 |
| دڵنیا نیم | 93 | 17.62 | 3 |
| لەگەڵیدانیم | 33 | 6.25 | 4 |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 30 | 5.68 | 5 |
| کۆی گشتی | 528 | %100 | |

**٢- بایەخدانی میدیای ئەلکیترۆنی بە هۆشیاری خۆپارێزی و ئاگاداربوون لەئاسایشی کۆمەڵگا**

بەرتوێژان سەبارەت بەو پرسیارەی ئایا میدیای ئەلکیترۆنی تاچەند هۆشیاری خۆپارێزی و ئاگاداربوون لەئاسایشی کۆمەڵگای بڵاوکردۆتەوە، وەڵامی جۆراوجۆریان داوەتەوە.

بەپلەی یەکەم بژاردەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام)ە کە ڕێژەکەی (38.64%)ە، ئەمەش فاکتەرە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەو ڕاستییەی کە لەدوای جەنگی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان و عێراق، میدیا بایەخی زۆری بەهۆشیاریی بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگاداوە. هەروەها ڕێژەی وەڵامی (دڵنیا نیم) (26.7%)ە و بەپلەی دووەم دێت. ڕێژەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدانیم) دەکاتە (21.59%). ڕێژەی وەڵامدانەوەی (تەواو لەگەڵیدام) دەکاتە (8.52%). کەمترین ڕێژەیەش بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم)ە کە دەکاتە (4.55%).

خشتەی (٣):
میدیای ئەلکیترۆنی توانیویەتی هۆشیاریم پێبەخشێ بۆ خۆپارێزی و ئاگاداربوون لە ئاسایشی کۆمەڵگا

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواولەگەڵیدام | 45 | 8.52 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 204 | 38.64 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 141 | 26.7 | دووەم |
| لەگەڵیدانیم | 114 | 21.59 | سێیەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 24 | 4.55 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 528 | %100 | |

**٣- ئاستی هۆشیاریی تاك بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا لە میدیای ئەلیکترۆنیدا**

سەبارەت بەئاستی هۆشیاریی تاك بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا لەمیدیای ئەلیکترۆنیدا، بەرتوێژان وەڵامی جۆراوجۆریان داوەتەوە.

بەپلەی یەکەم بژاردەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام)ە ڕێژەکەی (34.66%)ە، بەبڕوای توێژەر پەیوەندیدارە بەوەی ئێستا بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری، لەهەمانکاتدا لێپرسینەوەی یاسایی، زیاتر بەکارهێنەرانی دووچاری بەرپرسیارێتی کردۆتەوە.

هەروەها ڕێژەی وەڵامی (لەگەڵیدانیم) (25.57%)ە و بەپلەی دووەم دێت. بژاردەی وەڵامدانەوەی (دڵنیا نیم) بەرێژەی (19.32%)ە لەپلەی سێەمدایە. وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (10.79%). کەمترین ڕێژەیەش بژاردەی (تەواو لەگەڵیدانیم)ە کە (9.66%)یە.

جیاوازی بۆچوونی بەرتوێژانیش، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهەڵکشان و داکشانی ئاستی بەرپرسیارێتی بەکارهێنەرانەوە هەیە، زۆرجار بوونەتە پارێزەری ئاسایشی کۆمەڵگا و هەندێکجاریش بەهۆی خراپ بەکارهێنانی میدیاوە، بۆتەمایەی هەڕەشە.

خشتەی (٤):
ئاستی هۆشیاریی تاك بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا لە میدیای ئەلیکترۆنیدا

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 51 | 9.66 | پێنجەم |
| لەگەڵیدام | 183 | 34.66 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 102 | 19.32 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | 135 | 25.57 | دووەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 57 | 10.79 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 528 | % 100 | |

**٤- کاریگەری نەرێنی خراپ بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا**

خراپ بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی، کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا، لەدوای جەنگی داعش و هەڵکشانی هەڕەشەی تیرۆریزم، بەشێوەیەکی فراوان پەرەیسەندووە، ئەمەش پرسیارێکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بوو،

بەپلەی یەکەم بژاردەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام)ە ڕێژەکەی (48.29%)ە، بەبڕوای توێژەر فاکتەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی چاودێری لەمیدیای ئەلیکترۆنیدا کە هەندێکجار ئامرازێکی پروپاگەندەیە بۆ تیرۆرو توندوتیژی.

بژاردەی وەڵامی (تەواو لەگەڵیدام) بەرێژەی (38.07%)ە و بەپلەی دووەم دێت. بژاردەی وەڵامدانەوەی (دڵنیا نیم) بەرێژەی (10.23%)ە لەپلەی سێیەمدایە. وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (3.41%). کەمترین ڕێژەیەش بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم)ە کە (0%)ە.

خشتەی ژمارە (٥):
خراپ بەکارهێنانی میدیای ئەلیکترۆنی و کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 201 | 38.07 | دووەم |
| لەگەڵیدام | 255 | 48.29 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 54 | 10.23 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | 18 | 3.41 | چوارەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 0 | 0 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 528 | %100 | |

**٥- هاندان بۆ تیرۆر و توندوتیژی و کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا**

پرسیارێکیتری توێژینەوەکە، سەبارەت بەهاندان بۆ تیرۆرو توندوتیژییە لە میدیای ئەلیکترۆنی و کاریگەرییەکانییەتی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا.

بەپلەی یەکەم بژاردەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام)ە کە ڕێژەکەی (%49.43)ە، ڕێژەی وەڵامی (تەواو لەگەڵیدام) (%36.93)ە و بەپلەی دووەم دێت، بەرزی ئاستی ڕێژەی ئەم دوو بژاردەیەش لەبەرئەو فاکتەرەیە کە زۆرجار لەمیدیای ئەلیکترۆنیدا، پروپاگەندە بۆ تیرۆرو توندوتیژی دەکرێتو بەرتوێژان دژ بەئەم هاندانەن. بەرێژەی (%11.93) دڵنیا نین لەکاریگەرییەکانی هاندان بۆ توندوتیژی.

بژاردەی وەڵامی (لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (%1.7)ە و بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (%0)ە، ئەمەش دەریدەخات بەرتوێژان نایانەوێ میدیای ئەلیکترۆنی بۆ دنەدان بۆ توندوتیژی و تیرۆر بەکاربهێنرێت، چونکە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا دادەنێت، لە خشتەی ژمارە (٦)دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٦):
کاریگەری هاندان بۆ تیرۆر و توندوتیژی و لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 65 | 36.93 | دووەم |
| لەگەڵیدام | 87 | 49.43 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 21 | 11.93 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | 3 | 1.7 | چوارەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 0 | 0 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 528 | % 100 | |

**٦- کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی ناسنامەی کلتوری کوردی**

پرسیارێکی سەرەکی توێژینەوەکە بۆ بەرتوێژان بریتی بوو لە: ناسنامەی کلتوری کوردی، بەهۆی میدیای ئەلیکترۆنییەوە دووچاری هەڕەشە و لاوازی بۆتەوە.

بەپلەی یەکەم بژاردەی وەڵامدانەوەی (تەواو لەگەڵیدام)ە کە ڕێژەکەی (44.32%)ە، ڕێژەی وەڵامی (لەگەڵیدام) (41.48%)ە و بەپلەی دووەم دێت، ئەم دوو بژاردەیەش بەرزترین ڕێژەیان بەدەستهێناوە لەبەرئەوەی زمان و ناسنامەی کلتوری کوردی بەهۆی هەژموونی بەجیهانیبوونەوە کەوتۆتە بەردەم مەترسییەوە.

بەرێژەی (10.23%)ی بەرتوێژان، دڵنیا نین لە مەترسییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی بۆسەر زمان و ناسنامەی کلتوری کوردی.

بژاردەی وەڵامی (لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (2.27%)ە و بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (1.7%)ە، ئەمەش دەریدەخات بەرتوێژان لە خەمی مەترسییەکاندان کە بۆسەر زمان و ناسنامەی کلتوری کوردی دروست بووە. لە خشتەی ژمارە (٧)دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٧):
کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی ناسنامەی کلتوری کوردی

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 234 | 44.32 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | 219 | 41.48 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 54 | 10.23 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | 12 | 2.27 | چوارەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 9 | 1.7 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 528 | %100 | |

**٧- مەترسی میدیای ئەلیکترۆنی بۆسەر (ئاسایشی نەتەوەیی) لە هەرێمی کوردستان**

لەم توێژینەوەیەدا پرسیارێکی گرنگ خراوەتەڕوو کە ئایا میدیای ئەلیکترۆنی مەترسی بۆسەر (ئاسایشی نەتەوەیی) لە هەرێمی کوردستاندا دروست کردووە؟

بەپلەی یەکەم بژاردەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام)ە کە ڕێژەکەی (42.05%)ە، ڕێژەی وەڵامی (تەواو لەگەڵیدام) (28.41%)ە و بەپلەی دووەم دێت، ئەم بژاردانە لەئاستێکی بەرزدان چونکە میدیای ئەلیکترۆنی بەهۆی نەبوونی چاودێری و ڕەخساندنی زەمینەی گەیاندنی پەیام بۆ هەمووان، بۆتە کەناڵێك بۆ بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و هاندان بۆ تیرۆر، ئەمەش مەترسییە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی. بەرێژەی (23.29%) دڵنیا نین لەمەترسییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر (ئاسایشی نەتەوەیی). بژاردەی وەڵامی (لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (5.68%)ە و بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (0.57%)ە، کەواتە ڕێژەیەکی کەمی بەرتوێژان هەستیان بەمەترسییەکان کردووە. لەخشتەی ژمارە (٨)دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٨):

مەترسی میدیای ئەلیکترۆنی بۆسەر (ئاسایشی نەتەوەیی) لە هەرێمی کوردستان

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 150 | 28.41 | دووەم |
| لەگەڵیدام | 222 | 42.00 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 123 | 23.29 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | 30 | 5.68 | چوارەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 3 | 0.57 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 528 | %100 | |

**٨- کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر (ئاسایشی ئابوری) لە هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان لەماوەی یەك دەیەی ڕابردوودا، بەقەیرانێکی سەختی ئابوریدا تێپەڕی، ئەمەش جێگەی بایەخی میدیای ئەلیکترۆنی بوو، لێرەدا پرسیارێك خراوەتەڕوو: ئایا میدیای ئەلیکترۆنی تاچەند بۆتەهۆی گەورەکردنی قەیران و مەترسی بۆسەر (ئاسایشی ئابوری) لەهەرێمی کوردستاندا؟

بژاردەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام) لەپلەی یەکەمدایە بەرێژەکەی (46.59%)ە، ڕێژەی وەڵامی (تەواو لەگەڵیدام) (32.39%)ە و بەپلەی دووەم دێت، ئەم بژاردانە لەئاستێکی بەرزدان چونکە میدیای ئەلیکترۆنی بۆتە مەترسی بۆسەر ئاسایشی ئابوری و گەورەکردنی قەیران.

بەرێژەی (18.75%) دڵنیا نین لە مەترسییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر (ئاسایشی ئابوری).

بژاردەی وەڵامی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (1.7%)ە و بژاردەی (لەگەڵیدانیم) بەرێژەی (0.57%)ە، ئاماژەیە بۆئەوەی ڕێژەیەکی کەمی بەرتوێژان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی میدیای ئەلیکترۆنی نەبۆتەهۆی گەورەکردنی قەیرانە ئابورییەکان لەناو جەماوەردا. لەخشتەی ژمارە (٩)دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٩):

کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر (ئاسایشی ئابوری) لە هەرێمی کوردستان

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 171 | 32.39 | دووەم |
| لەگەڵیدام | 246 | 46.59 | یەکەم |
| دڵنیا نیم | 99 | 18.75 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | 3 | 0.57 | چوارەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 9 | 1.7 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 528 | %100 | |

**٩- کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر (ئاسایشی خێزان) لە هەرێمی کوردستان**

سودوەرگرتنی ئەندامانی خێزان لەمیدیای ئەلیکترۆنی، کاریگەری لەسەر هەژموونی میدیا لەسەر پێکهاتە و پەیوەندییەکانی خێزانیش هەبووە. پرسیارێکیتر ئایا تاچەند میدیای ئەلیکترۆنی کاریگەری لەسەر (ئاسایشی خێزان) لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە؟ بژاردەی وەڵامدانەوەی (تەواو لەگەڵیدام) لەپلەی یەکەمدایە بەڕێژەکەی (55.12%)ە، ڕێژەی وەڵامی (لەگەڵیدام) (33.52%)ە و بەپلەی دووەم دێت، ئەمەش نیشانەیە بۆ بەرزی ئاستی کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر ئاسایشی خێزان. بەرێژەی (8.52%) دڵنیا نین لە مەترسییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر (ئاسایشی خێزان). بژاردەی وەڵامی (لەگەڵیدانیم) بەڕێژەی (2.84%)ە و بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) بەڕێژەی (0%)ە، ئەم ڕێژە نزمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە میدیای ئەلیکترۆنی لێکەوتەی جۆراوجۆری لەسەر ئاسایشی خێزان هەبووە، لەخشتەی ژمارە (١٠)دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١٠):

کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر (ئاسایشی خێزان) لە هەرێمی کوردستان

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 291 | 55.12 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | 177 | 33.52 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 45 | 8.52 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | 15 | 2.84 | چوارەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 0 | 0 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | 528 | %100 | |

**١٠- هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ ئاگاداربوون لە مەترسییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان**

سەرجەم مەترسییەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، کاریگەری ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆیان لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستانیش هەیە. پرسیارێکیتر بۆ بەرتوێژان خرایەڕوو کە تاچەند میدیای ئەلیکترۆنی کاریگەری لەسەر هۆشیارکردنەوەیان هەبووە بۆ بۆ ئاگاداربوون لە مەترسیە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان؟ بژاردەی وەڵامدانەوەی (دڵنیا نیم) لەپلەی یەکەمدایە بەڕێژەکەی (34.66%)ە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە میدیاکان بەباشی نەیانتوانیوە مەترسیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ کۆمەڵگای کوردی ڕۆشن بکەنەوە. بژاردەی وەڵامی (لەگەڵیدام) (33.52%)ە و بەپلەی دووەم دێت، ئەمەش نیشانەیە بۆ بەرزی ئاستی کاریگەرییەکانی میدیا لەسەر ئاسایشی خێزان. بەرێژەی (15.91%) لەگەڵ بژاردەی وەڵامی (لەگەڵیدانیم)ە لەپلەی سێیەمدایە. بژاردەی (تەواو لەگەڵیدام) بەڕێژەی (9.66%) لەپلەی چوارەمدایە، هەروەها بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) بەڕێژەی (6.25%)ە. لەخشتەی ژمارە (١١)دا ڕوون کراوەتەوە، جیاوازی بۆچوون لەوەڵامەکاندا دەبینرێت، بەبڕوای توێژەر فاکتەرەکەی پەیوەندیدارە بەو ڕاستییەی کە میدیای ئەلیکترۆنی کەمتر بایەخی دۆسیە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی خستۆتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١١)

کاریگەری میدیای ئەلیکترۆنی لە هۆشیارکردنەوە لە مەترسییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 51 | 9.66 | چوارەم |
| لەگەڵیدام | 177 | 33.52 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 183 | 34.66 | یەکەم |
| لەگەڵیدانیم | 84 | 15.91 | سێیەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 33 | 6.25 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | 528 | %100 | |

**١١- کاریگەری داواکاری گشتی و دامەزراوە یاساییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان**

گرنگی وبایەخی پرۆسەی چاودێریی داواکاری گشتی و دامەزراوە یاساییەکان بەسەر میدیای ئەلیکترۆنیدا بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان، پرسیارێکیتری توێژینەوەکەیە.

بەرتوێژان بەپلەی یەکەم، وەڵامی (تەواو لەگەڵیدام) بەرێژەی (%59.09)و بەپلەی دووەم بژاردەی (لەگەڵیدام) بەرێژەی (%30.11) هەڵبژاردووە، هۆکارەکەشی ئاماژەیە بۆ بایەخی داواکاری گشتی بۆ چاودێری و لێپرسینەوە لە میدیای ئەلیکترۆنی تا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا هەبێت، هەروەها بژاردەی وەڵامی (دڵنیانیم) بەرێژەی (%7.39)ە بەپلەی سێیەم دێت. بەپلەی چوارەمیش بەرێژەی (%3.41) لەگەڵ بژاردەی وەڵامی (لەگەڵیدانیم)ە. هەروەها هیچ بەرتوێژێکیش دژی ئەم کاریگەرییەی داواکاری گشتی لەسەر پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا نییە. لەخشتەی ژمارە (١٢)دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (١٢)

کاریگەری دامەزراوە یاساییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان

| بڕگە | دووبارە بوونەوەکان | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| تەواو لەگەڵیدام | 312 | 59.09 | یەکەم |
| لەگەڵیدام | 159 | 30.11 | دووەم |
| دڵنیا نیم | 39 | 7.39 | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | 18 | 3.41 | چوارەم |
| هەرگیز لەگەڵیدانیم | 0 | 0 | پێنجەم |
| **کۆی گشتی** | **528** | **%100** | |

## ئەنجام

- ئەمرۆ میدیای ئەلیکترۆنی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کۆی ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.
- سیاسەترێژی میدیای ئەلیکترۆنی و ئاستی چاودێریی دامەزراوە یاسایی و سەندیکاکانی میدیا بۆ پرۆسەی ناردنی پەیام لەمیدیای ئەلیکترۆنییەوە بۆ جەماوەر، ڕۆڵی کاریگەری لەسەر برەودان بەلایەنی ئەرێنی و کەمکردنەوەی زیانی لایەنە نەرێنییەکانی هەیە.
- سەرجەم ئاستەکانی ئاسایشی (تاکەکەس، چینوتوێژەکان، کۆمەڵگا) لەژێرکاریگەری میدیای ئەلیکترۆنیدان.
- لەکاتی قەیران و مەترسییەکاندا کاریگەرییەکانی میدیای ئەلیکترۆنیش لەسەر کۆمەڵگا زیاتر دەبێت بەتایبەتی دۆسییەکانی تیرۆر و توندوتیژی، تەبایی خێزانی و یەکڕیزی کۆمەڵایەتی.
- بەرتوێژان جەخت لەسەر ئاراستەکردنی میدیای ئەلیکترۆنی بۆ بۆ پاراستنی ڕەهەندەکانی ئاسایشی کۆمەڵگا لەهەرێمی کوردستاندا دەکەنەوە.
- کاریگەرییە ئەرێنییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا، پەیوندیدارە بە سیاسەتی میدیاکان و ڕۆڵی دامەزراوە فەرمییەکان لە بەدواداچوون بۆ دۆسییەکان.
- کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیای ئەلیکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئاستی بەرپرسیارێتی دامەزراوەکانی میدیا و ئاستی هۆشیاریی جەماوەر هەیە.
- داواکاری گشتی ڕۆڵی لەئاراستەکردنی میدیا بەرەو کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە لەڕێگەی چاودێری و بەدواداچوونەوە.

## ڕاسپاردە

- ئاسایشی کۆمەڵگا بنەمایەکی گرنگە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی، بەتایبەت بە گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان کە تائێستا ڕووبەڕووی چەندین مەترسی جۆراوجۆر بۆتەوە، ئەرکی میدیایە کە ببێتە ئامرازێك بۆ داکۆکی لە ئاسایشی کۆمەڵگا.
- پێوستە خولی مەشق وڕاهێنان بۆ میدیاکاران بکرێتەوە بەمەبەستی هۆشیارییان دەربارەی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی کۆمەڵگا.
- دامەزراوەکانی میدیا و سەندیکاکانی ڕۆژنامەگەری، کاریگەرییان لەسەر سیاسەترێژی میدیای ئەلیکترۆنی بۆ خزمەتی ئاسایشی کۆمەڵگا هەبێت.
- پێویستە داواکاری گشتی یاساکانی پەیوەندیدار بەپاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا بەسەر میدیاکاندا بسەپێنێت، لەکات و شوێنی خۆیدا بەدواداچوون بۆ دۆسییەکانی میدیا بکات.

# سەرچاوەکان


## سەرچاوە کوردییەکان

**فەرهەنگ:**

١.عەباس جەلیلیان: فەرهەنگی باشور، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.

٢.عەبدولرەحمان ئەمین زەبیحی: قاموسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٧.

٣.فازڵ نیزامەدین: ئەستیرەگەشە، فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبییە، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ٢٠٠٧ز.

٤.فوئادی تاهیر سادق: فەرهەنگی یاریدەدەر، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپوبڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧ز.

٥.فواد ڕەشید: فەرهەنگی فوئاد، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپوبڵاوکردنەوە.

٦.شێخ محەمەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥.

٧.هەژار: هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی فارسی، سروش، تهران، ١٣٨٥.

## کتێب و گۆڤار

١.بایەزید حەسەن عەبدوڵلا: ئەمنی قەومی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ژمارە (١)، ساڵی پێنجەم، نیسانی ١٩٩٦.

٢.نەعیم بەدیعی: رۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی، وەرگێڕانی: کارزان محەمەد، زنجیرەی کتێبی گیرفان ژ (١٠٠)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٣.یەحیا عومەر ڕیشاوی (دکتۆر): خاوەن شکۆ، لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپوبڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.

## *سەرچاوە عەرەبییەکان

١.حسين على الفلاحى (الدكتور): الاعلام التقليدى و الاعلام الجديد، دار الغيداو النشر و التوزيع، الطبعه الاولى، ٢٠١٤.

٢.رضا عبدالواجد أمين: الصحافة الاكترونية، دارالفجر للنشر و التوزيع، ٢٠٠٧.

٣.رضوان مفلح العلي (الدكتور)، الدكتور مصطفي يوسف: مدخل الي وسائل الاعلام الاكتروني و الفضائي، دارالحامد، الاردن، ٢٠١٤، الطبعة الاولي

٤.فارس حسن شكر المهداوي: صحافة الانترنت، رسالة ماجستير في الاعلام والاتصال مقدمة الى مجلس كلية الاداب والتربية. الاكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك وهي جزء من متطلبات درجة الماجستير في الاعلام والاتصال، ٢٠٠٧م.

٥.ماجد سالم تربان (الدكتور): الانترنت و الصحافه الاكترونيه، رؤيه مستقبلية، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٨م.

٦.محمد عبدالحميد: الآتصال و الاعلام على شبكه الانترنيت، عالم الكتب، القاهره، ٢٠٠٧.
٧.د. محمد عبدالملك المتوكل: مدخل الى مدخل إلى الإعلام والرأي العام، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٩١.
٨.محمد لعقاب: الإعلام والمعلومات، الجزائر، دارهومة،٢٠٠٣،
٩.د عبد الجبار الحديثي:العولمة الإعلامية والأمن القومي العربي، عمان، ط٢٠٠٢،١م.

*سەرچاوە فارسییەکان
١.داريوش أشورى: دانشنامه سياسى، انتشارات مرواريد، چاپ يازدهم ١٣٨٤.
٢.بوزان، بارى: مردم، دولت ها، هراس، ترجمه: پژوهشكده مطالعات راهبردى، چاپ نخست، تهران، انتشارات پژوهشكده مطالعات راهبردى، ١٣٨٧.
٣.بوزان، بارى: امنيت اجتماعى، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ اول، ١٣٧٨.
٤.ژان كازنو: جامعەشناسى وسايل ارتباط جمعى، ترجمه: باقر ساروخانى و منوچهر محسنى، تهران ١٣٦٥.
٥.شيخى، محمد تقى: (١٣٨٠)، جامعه شناسى زنان و خانواده، شركت سهامى انتشار.
٦.ماندل، رابرت: چهرەى متغير امنيت ملى، انتشارات پژوهشكدەى مطالعات راهبردى، ٢٠٠٨.

*سەرچاوە ئینگلیزییەکان
1. Barry buzan: new patterns of global security in the twenty – first centery international affairs 3(1991).
2. Carr, E. H. (1994) The Twenty Years Crisis 1919- 1939. London: Macmillan. 22.Campbell, Kurt (2005) Hard Power: The New Politics of National Security. New York: Basic Book.
3. Leffler, Melvyn P. "The American Conception of National Security and the Beginnings of Cold War, 1945- 48". American Historical Review 89, no.2 (April 1984): 346- 381.
4. M.Leiner, Barry: ACM SIGCOMM Computer Communication Review, Volume39, Number 5, October 2009.
5. Melvin Lawrence DeFleur, Sandra Ball- Rokeach: heories of Mass Communication, Longman, 1989.
6. Shaw, Martin. (1994), Global Society and International Relations. Cambridge.
7. Koh, J.; Kim, Y.; Butler, B. & Bock, G. (2007). Encouraging Participation in Virtual Communities. Communications of the ACM, Vol. 50, No2.